www.kurdistannet.org
20-1-2002 0:38

# به كوردی ئەژیم بەكوردی ئەمرم بەكوردی ئەدەم وەڵامی قەبرم:

كوردستان نێت به هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەم بیرو بۆچونه بەناو مۆدێرنه نیه كەلەم نووسینەی كاك فایق عبدالهی پور هاتووه. بیری نەتەوەی ڕێبازی تاسەری كوردستان نێته، بەڵام بۆ پاراستنی پرنسیپی ئازادی بیرورِا، بڵاویدەكەینەوە.

كوردستان نێت

# شیعری ناسک له خزمه‌ت دنیای دارزیودا

**فایق عبدالهی پور**

ئه‌م نوسراوه‌یه وه‌لامیکی کورته به چه‌ند به‌شیک له باسیکی حه‌مه سه‌عید حه‌سه‌ن له‌ژیر ناوی "پرژه‌ی ئاوی فینک" که له‌ریکه‌وتی ۱۴-۱۲-۲۰۰۱ دا له وه‌لامی "ئاسو"دا له سایتی "کوردستان نیت"ه‌وه بلاو بوته‌وه.

هه‌ول ئه‌ده‌م که قورسایی باسه‌که بخریته سه‌ر روانگه‌ی حه‌مه‌سه‌عید سه‌باره‌ت به زمان و شیعر، هه‌روه‌ها شاعیر و سیاسه‌ت. هه‌ر لیره‌شدا ئه‌وه روون بکه‌مه‌وه که من به داخه‌وه سه‌ر به هیچ حیزبیک نیم. نه‌ک له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که حیزبم پی موته‌که و ره‌موزنه‌بیت به‌لکو له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که خوم به هیچ حیزبیک نزیک نابینم. نوسه‌ری "پرژه‌ی ئاوی فینک" به ته‌واوی دژی دیارده‌ی حیزبه و هه‌ول ئه‌دا "ئاسو" و مروڤایه‌تی له به‌ندی ره‌موزنه‌ی حزب رزگار بکا. "نووسه‌ر" بوته پرومیته‌یه‌ک که شیعری له خواکان دزیوه و بو ئاسوی مروڤی هیناوه تاکو ئه‌وی پی رزگار کات. هه‌موو مه‌ترسییه‌کانی ئه‌م کرده‌وه‌شی له‌به‌رچاو گرتووه چونکو له‌وانه‌یه خواکانی شیعر به‌گژی دابچن که شیعری پیروزی بو مروڤی ئاسایی وه‌ک ئاسو هیناوه.

ئاگره‌که‌ی پرومیته ئالوگوری بنه‌ره‌تی به‌سه‌ر ژیانی به‌شه‌ر داهینا و مروڤی به‌ره‌و پیش برد. به‌لام بزانین به تایبه‌تی شیعری حه‌مه‌سه‌عید، ئاوه‌ها کاریگه‌رییه‌کی هه‌یه. به‌بروای من شیعری ئه‌م شاعیره نه وه‌ک ئاگره‌که‌ی پرومیته به‌تینه و نه‌پیشره‌وه، له زور لایه‌نه‌وه. به‌هینانه‌وه‌ی نموونه‌یه‌ک هه‌ول ئه‌ده‌م مه‌به‌ستم زیاتر روون بکه‌مه‌وه.

"چه‌ند پرسیاریکی ئاسان" (۱)

کام ولاته،

وه‌ک کوردستان،

ره‌نگینه؟:

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

کام شاعیره،
وه‌ک گوران زارشیرینه؟
ئاوی کام ده‌ڤه‌ر،
وه‌ک ئاوی کانیاوی کوردستان،
ره‌وانه؟
دایکی کام گه‌ل،
وه‌ک دایکی کورد،
دلسوز و میهره‌بانه؟
به‌فری کوی وه‌ک،
به‌فری ئاسوس،
خاوینه؟
کام ئافره‌ت وه‌ک
ژنه کورد پاک داوینه؟
کام دلداره،
ئه‌وه‌نده‌ی مه‌م جوامیره؟
کام قاره‌مان
وه‌ک پیشمه‌رگه دلیره؟

***

کام زمانه،
هینده‌ی کوردی،
ده‌وله‌مه‌نده؟
مندالی کوی،
وه‌کو مندالی کوردستان

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

ژیکه‌له و لیو به‌خه‌نده؟
کریکاری کام ولاته،
وه‌کو پرولیتاری کورد،
بو راپه‌رین،
به په‌روشه؟
بورژووای کام نه‌ته‌وه‌یه،
نیو ئه‌وه‌نده‌ی بورژووای کورد
گه‌رده‌ن که‌چ و خوفروشه؟

ئه‌م شیعره ئه‌وپه‌ری هه‌ستی نیشتمان په‌روه‌ری و ئه‌ڤینی خاک و نه‌ته‌وه‌ی کورد له‌خویدا ئه‌نوینی. بو منی خوینه‌ر ئه‌م هه‌لبه‌سته پر له هه‌ست و سوزی ناسیونالیستییه و، ئاخندراوی پی هه‌لگوتنه، به درویه‌ک به ناوی نه‌ته‌وه، ئاو و خاک. نیوئاخنی ئه‌م شیعره دواکه وتویی و نه‌ته‌وه په‌ره‌ستییه‌کی ناحه‌زه هه‌رچه‌نده بو حه‌مه‌سه‌عید شیعریکی ناسک و جوان بیت! کاتیک بستیک خاک و ئاو، زمان و جل و به‌رگییکی تایبه‌ت ئه‌بنه پیناسه بو مروف، هه‌ر له‌و کاته‌وه ناسیونالیزمیش "نوتفه" ئه‌به‌ستی. نوسه‌ر که کوردستانی پی له‌هه‌موو ولاتیک جوانتره، له‌به‌ر ئه‌وه نییه که هه‌مو ولاتانی دنیای بینیبی و له‌ناویاندا کوردستانی هه‌لبژاردبی، به‌لکو له‌به‌ر ئه‌وه‌یه که جوانی ولاتانی‌تر نابینی چونکوو شه‌یدای جوانی کوردستانه:.

حه‌مه‌سه‌عید زمانی کوردی پی ده‌وله‌مه‌ندترینه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که زمانی زکماکیه‌تی و خوی به‌م زمانه ئه‌په‌یڤی نه‌ک له‌به‌ر ئه‌وه‌ی زور زمانی دنیا بزانی ولایه‌نه زمانه‌وانییه‌کانی هه‌لسه‌نگاندبن! حه‌مه‌سه‌عید ئافره‌تی کورد به پاک داوین‌ترین ناو ئه‌با. ئه‌م وشه‌یه زمان حالی که‌سانی پیاومه‌زنی دواکه‌وتویه بو دورخستنه‌وه‌ی ئافره‌ت له حه‌ز و چیژی جنسی. به‌پیی ئه‌م بوچونه ژنیک که په‌یوه‌ندی جنسی هه‌بی داوین پیس و سوزانییه. به‌لی ئه‌م شیعره چیر و نا"ناسکه" هه‌لگری ئه‌م بیر و بوچونه گه‌نده‌ل و

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

دواکه‌وتوانه‌یه. من داوا له‌هه‌موو خوینه‌ریکی مودیرن ئه‌که‌م که "سه‌ریان" نه به‌م چه‌شنه شیعره نه به سیاسه‌تی چه‌وتی ناسیونالیستی بسپیرن. شیعر له‌وانه‌یه ناسک و به‌پیز بی به‌لام ستایشی خومه‌ینی، بارزانی و ره‌موزنه‌ی تری له‌م چه‌شنه بکا. شیعر هه‌یه وه‌کوو شیعری هه‌ژار( بروانه "هه‌ژار بو کوردستان") که‌عه‌ره‌ب و عه‌جه‌م به "پاشه‌ل ته‌ر" و شیاوی کوشتن ناو ئه‌با. هینانه‌وه‌ی چه‌ند نمونه‌یه‌ک بی خیر نییه.

### هه‌ژار ئه لی: (۲)

ببینی سویسنی و گه‌ورکان مه‌لکه مووتی فارس و تورکان
با بچیته مه‌لبه‌ندی مه‌نگور کوری به گوری عه‌جه‌م در!

### هه‌ر له‌م دیوانه دا ئه‌خوینینه‌وه:

هه‌ر بینا شورشه‌که‌ت هاته‌وه گه‌ر سه‌ر نه‌وی بوو عه‌جه‌می پاشه‌ل ته‌ر
کی په‌نای گرت له ره‌هیله‌ی توپان چه‌ند سه‌که‌ت بوون عه‌جه‌موجاش توپان(۳)

به‌داخه‌وه شیعری کوردی پره له بیری گه‌نده‌لی نیشتمان په‌روه‌ری، سوکایه‌تی به‌ژن، وه‌سفی سه‌رکرده‌کان و سه‌روک‌عه‌شیره‌ته‌کانی کون و نویی کورد. به‌پیچه‌وانه‌ی روانگه‌ی نوسه‌ر که شیعری پی رزگاری‌به‌خش و شیاوی سه‌ر پی‌سپاردنه، من پیم وایه که شیعریش وه‌کو هه‌ر دیارده‌یه‌کی کومه‌لایه‌تی، مورکی کیشه و ململانیی کومه‌لایه‌تی به ته‌ویله‌وه‌یه و ده‌کری کونه‌په‌ره‌ستانه یان پیشره‌و بیت. ئاشکرایه که شیعری پیشره‌و ئه‌توانی یه‌کی له ئامرازه‌کانی بنیادنانی دنییایه‌کی ئاسوده و پر له ئوخه‌ی بیت. شیعری "چه‌ند پرسیاریکی ئاسان" راست و ره‌وان ده‌چیته گیرفانی ناسیونالیزمی کورده‌وه و خزمه‌ت به چینی ده‌سه‌لاتداری کومه‌ل ئه‌کات. ئه‌م شیعره نمونه‌یه‌کی زه‌قی بیری ره‌شی نه‌ته‌وه په‌ره‌ستییه.

**لورکای شاعیر** سه‌باره‌ت به نیشتمان و نه‌ته‌وه ئه‌لی:

"من برای هه‌موانم به‌لام له که‌سیک که چاو و گوی نه‌کراوه، ولاته‌که‌ی خوش ده وی و

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

خوی به خوای بیری ناسیونالیستی ئه‌زانی، بیزارم. من وه‌سفی ئیسپانیا ئه‌که‌م و تا موخی ئیسقانم خوشم ده‌وی به‌لام به‌ر له‌هه‌ر شتیک هاوولاتی هه‌مو جیهان و برای هه‌موانم".(۴)

حه‌مه‌سه‌عید پیی وایه شیعر دیارده‌یه‌کی غه‌یره چینایه‌تییه و له ژه‌نگ و ژول به‌دوره. "

فدریکو گارسیا لورکا " له جیگایه‌کی تردا ئه‌لی: "دوو پیاو به‌قه‌راغ روباریکدا ئه‌رون . یه‌کیان ده‌وله‌مه‌نده و ئه‌وی تریان فه‌قیر. پیاوه ده‌وله‌مه‌نده‌که ئه‌لی بروانه ئه‌م که‌شتیه جوانه‌ی سه‌ر ئاوه‌که! سه‌یری ئه‌و زه‌نبه‌قا نه بکه که قه‌راغ ئاوه‌که‌یان داپوشیوه! پیاوه فه‌قیره‌که له‌به‌رخویه‌وه ئه‌لی من برسیمه و هیچ نابینم. من برسیمه!"(۵)

**لورکا** له دریژه‌دا ئه‌نوسی: " روژیک که برسییه‌تی له ناوبچی، مه‌زن‌ترین ته‌قینه‌وه‌ی روحی که مروف ئه‌توانی بیهینیته‌به‌ر چاو، رو ئه‌دا. مه‌حاله بتوانین بینینه به‌رچاو که روژی رودانی ئه‌م شورشه گه‌وره چ شادییه‌کی مه‌زن ساز ئه‌بی".

لورکا خوش ئیژی کاتی ئاماژه به جوانی ئه‌کا له دوو روانگه‌ی جیاوازه‌وه. ئه‌وه‌ی که بو کابرای ده‌وله‌مه‌ند جوان ئه‌نوینی وه‌به‌ر چاوی کابرای برسی ناکه‌وی. زمانی ئاخافتنی ئه‌م دوو که‌سه جیاوازه، وه‌ک ئه‌وه‌یه تیک نه‌گه‌ن. من دلنیام که به‌شیکی زور له خه‌لکی ئاسایی کوردستان که شاره‌زاییان نییه به‌سه‌ر شیعر و ئه‌ده‌ب دا، زمانی ئالوزی حه‌مه‌سه‌عید و روشن‌بیرانی لایه‌نگری "کوردستانی گه‌وره" فام ناکه‌ن. جگه له‌م راستییه، زمانی دوانی چین و تویژه جوراوجوره‌کانی کومه‌ل جیاوازه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که ده‌رد و مه‌ینه‌ت و به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانیان جیاوازن. زمانیش شتیک نییه جگه له ئامرازیک بو ده‌ربرینی حه‌ز، ویست، ده‌رد و ئیشی مروف.

مارکس و ئینگیلس له ئایدیولوژیای ئالمانیدا ئه‌لین "زمان وه‌دیهاتنی راسته‌وخوی فکره، فیلسوفه‌کان هه‌روه‌ک بونیکی سه‌ربه‌خویان به‌خشیوه به فکر، ناچارن که زمانیش بخه‌نه هه‌ریمیکی سه‌ربه‌خووه".

هه‌ندیک که‌س ئیددیعا ئه‌که‌ن که شتیک جگه له زمان بوونی نییه له جیهاندا له به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و دنیایه‌ی که تیایدا کرده‌وه‌کانمان به ئه‌نجام ئه‌گه‌یه‌نین جیهانیکه که ئه‌ی

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

ناسین و بە زمان وەسفی ئەکەین. ئەم روانگەیە شکلیکی تایبەت و نوییە لە ئایدیالیزم کە بەرهەمی رەش بوونی ئاسو سیاسی یەکانە. ئەم بەروالەت رادیکالیزمەی دوای پاشەکشەی چەپ، رادیکالیزمی گوتاری بی کردەوەیە. یان باشتر بلیم ئەم بەروالەت رادیکالیزمە، قسە لە جیگەی کردەوە دائەنی.

**حەمە سەعید** ئەنوسی: "زمان مەرجی هەبوونی فیکرە، ئاخر بیر ناتوانی لە دەرەوەی زمان دابی و ئەگەر زمان نەبوایە فیکریش نەدەبوو، بویە کەسی خاوەن فیکر ناچارە گرنگی بە زمان بدات و پوخت بنووسی. ملنەدان لە بواری زماندا، رەنگدانەوەی نەزانییە و تاکە دەسەلاتیکی فاشستە کە دەبی هەموومان بەریزەوە سەری بو نەوی کەین ، زمانە".(٦)

بە پیچەوانەی بوچونی کاترین بیلسی و حەمەسەعید ئەگەر زمانیش نەبا فکر هەر دەبوو. راستە کە زمان و فکر پەیوەندی راستەوخویان هەیە بە یەکەوە بەلام زمان تەنیا زەرفی دەربرینی فکرە. فکر ئەتوانری لە ریگەی تریشەوە دەرببردری بو وینە لە ریگەی دانس، وینەکیشی و موزیک. مروڤی سەرەتایی بەشیکی زور لە فکر و بیری خوی لە ریگەی وینەکیشانەوە لە بان دار، بەرد و پیست دەربریوە. بو راکیشانی سرنجی ژن، پیاوەکانی خیلە سەرەتایی یەکان و بەشیک لە ئەفریقایی یە هاوچەرخەکان، بە شیوەیەکی تایبەت و بی قسە لە ریگەی هەلپەرکەوە هەول ئەدەن فکر و مەبەستی خویان دەربرن. سەر نەوی کردنی حەمەسەعید بو هیزیکی فاشست بەناوی زمان ئەوەمان بو دەرئەخا کە حەمەسەعید خوی بەنگی شیعر و شەوارەی زمانە. نووسەری پیشرەوە نابی سەر بو هیچ هیزیکی فاشست دانەوینی بەلکو بە پیچەوانەوە، زمان ئەبی ملکەچ بی لە بەرامبەر خاوەنەکەیدا جا خاوەنەکە لەوانەیە مروڤ دوست بی یان شوڤینیست و فاشست. بەنگ بوون ئەنجامی باشی نییە، جا بەنگی حیزب بیت چ هی شیعر!

من سەبارەت بە پوخت نوسین لە گەل حەمەسەعید هاورام، بەلام پیم وانییە کە ئەگەر کەسیک پوخت نووس نەبوو، پوخل فکرە. "گرامشی" لە دژایەتی لە گەل ئیلیتە روشن بیرەکان ئیژی: " گشت مروڤەکان فەیلەسوفن چونکوو هەر تاکەکەسیک لە ریگەی

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

که‌لک وه‌رگرتن له‌ زمان، که‌ پیکهاته‌یه‌که‌ له‌ بوچون و مه‌فهومی دیاریکراو، لیکدانه‌وه‌یه‌ک له‌ و جیهانه‌ی که‌تیایدا ئه‌ژی به‌ده‌ست دینی".(۷)

حه‌مه‌سه‌عید زمان بو زمان به‌کار ئه‌هینی به‌لام من زمان وه‌ک ئامرازی په‌یوه‌ندی کومه‌لایه‌تی، ده‌ربرینی هه‌ست و ویست و ئالوگوری بیرورا سه‌یر ئه‌که‌م. زمانی کوردی پیناسه‌یه‌ بو حه‌مه‌سه‌عید؛ زمانی کوردی بو من ئامرازی په‌یوه‌ندی گرتنه‌له‌ گه‌ل مروڤه‌ کورد زمانه‌کان. بو حه‌مه‌سه‌عید زمانی کوردی "گولی روونه"، جوانه‌ و باخچه‌یه‌. من له‌م باخچه‌ی حه‌مه‌سه‌عیده‌دا به‌ ده‌یان و سه‌دان "چه‌قله‌که‌ره‌" و "جله" ئه‌بینم. ده‌ویتی، سوزانیتی(۸)، بی بن(۹)، گانده‌ر، جنده، کونی، قه‌حبه‌، حیز، بن پژاندن، ده‌راشو، دیله‌در ماینی کویت، به‌ستوک و خه‌نیم(۱۰) ته‌نیا چه‌ند نموونه‌یه‌ک له‌و چه‌شنه‌ وشانه‌ن.

حه‌مه‌سه‌عید وشه‌ی وه‌ک ده‌ویت، سوزانی و بی بن به‌ کار ئه‌هینی، هه‌ژار موکوریانیش وشه‌ی وه‌ک گانده‌ر، جنده‌ و خه‌نیم ئه‌خاته‌ ناو فه‌رهه‌نگه‌که‌یه‌وه‌. ئه‌م نزیکایه‌تییه‌ سه‌یر نییه‌، ئه‌م دوو نووسه‌ره‌ سه‌ر به‌ بنه‌ماله‌ گه‌وره‌که‌ی کوردایه‌تین که‌ تیایدا پیاو مه‌زنی شتیکی سه‌ره‌کییه‌. نووسه‌ری مودیرن هه‌رگیز به‌م جوره‌ باسی ژن و په‌یوه‌ندی جنسی ئه‌و و ئه‌ندامی جنسی ئه‌و ناکا. چواندنی کرده‌وه‌ی تیروریستی بن لادن به‌ لاچونی "په‌رده‌ی کچینی" ته‌نیا دواکه‌وتویی نوسه‌ر نیشان ئه‌دا. نه‌مانی په‌رده‌ی کچینی، شتیکی له‌ئاسایی ش ئاسایی تره‌ به‌لام بو که‌سی نامووس په‌ره‌ست رووداویکی گرنگه‌ وه‌ک روخانی دیواری برلین و تیک قرمانی world trade center. ژنیک که‌به‌هه‌ر هویه‌ک بی گیروده‌ی له‌ش فروشی ئه‌بی، له‌ لایه‌ن حه‌مه‌سه‌عید و هه‌ژار و باقی نوسه‌ره‌کانی ئه‌م خیزانه‌، هه‌زار و یه‌ک ناو و ناتوره‌ی لی هه‌لئه‌دری. قه‌حبه‌ باریکی نیگه‌تیڤی به‌هیزی هه‌یه‌ و ته‌نیا بو جیا کردنه‌وه‌و تیک شکاندنی ریز و حورمه‌تی ئینسانی ئافره‌تی له‌ش فروش به‌کار ئه‌هیندری. باخچه‌ی رازاوه‌ی زمانی ره‌نگینی کوردی پره‌ له‌م وشه‌ ناحه‌ز و سووکانه‌. که‌وابی خه‌تای وشه‌بیگانه‌کان نییه‌ که‌ ئه‌م باخچه‌ ژاکاوه‌، به‌لکو خودی باخچه‌که‌ پره‌ له‌ جله‌ و گیا که‌له‌ی نیوخویی و "خوولاتی".

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

حەمەسەعید روو لە بەکر ئەحمەد ئەلی: " لە باخی زمانی کوردیدا، نوسینی ئیوە گیاکەلەیە، دەبی بژار بکری. وەختم کەمە، دەنا بە تاوانی پیسکردنی ژینگەی زمانی کوردی، داوام لەسەر تومار دەکردن...".(١١) حەمەسەعید رەخنە لە م.حکمت ئەگری و ئەلی"ئاخو ئەگەر کەسیکی وەک مەنسوور حیکمەتی پەروەردەی ئاسیای مەلبەندی درندایەتی، دەستی لە دەولەت گیر ببی، رووخساری چاوچیسکو سپی ناکاتەوە؟".(١٢)

**نوسەری شەوارەی** زمان لەبیری دەچیتەوە کە خوی نەک تەنیا دەسەلات بەلکو تەنانەت بەو مەرجەی کاتی هەبا نوسەری وەک "ئاسو"ی (کە وشەی "بیگانە" بە قاچاخ ئەهیننە ناو باخچەکەی حەمەسەعیدەوە) ئەخستە بەردەم دادگا، تەنیا لەبەر ئەوەی کە بەدلی خویان ئەنووسن یان وشەی تایبەت بەکار دەبەن! بەمە ئەلین نووسەری ئازادیخوازکە لایەنگری لە مافی ئازادی هەمەلایەنە ئەکات! تو بلەی دەسەلاتدارییەتی سیاسی م.حکمت لە دەسەلاتی ئەدەبی حەمەسەعید بی بەزەییانەتر بی!؟

لە تەواوی ئەم باسەدا و لەگەلیک باسی پیشودا حەمەسەعید دەور و نەخشی شاعیر و سیاسەتوان تیکەل ئەکا. هەلبەت بە رەتکردنەوەی رولی سیاسیەکان هەول ئەدا کومەل بخاتە ژیر دەسەلاتی شاعیرەوە چونکو بەبروای ئەو تەنیا "شیعر" رزگاری بەخشە.

حەمەسەعید دەلی:"شەقی لە حیزب هەلبدە، سەرت بە شیعر بسپیرە!".(١٣) من پیم وانییە کە حەمەسەعید تەنیا بە رەموزنە ساز کردن لە حیزب بتوانی خەلک لە حیزبەکان بترازینی. لەبەر ئەوەی حیزبەکان رەنگدانەوەی مەیل و بوچونی جوراوجوری کومەلایەتین و نوینەرایەتی بەرژەوەندی چینەکانی ناو کومەل ئەکەن. شیعری حەمەسەعید گریمان پیشرەویش بی، ناتوانی تەواوی داخوازییەکانی دانیشتوانی کومەلگای کوردستان سەبارەت بە نەهیشتنی ستەمی نەتەوایەتی، لابردنی هەلاواردنی جنسی، قەدەغە کردنی لیدان ئەزیەتی منال، نەهیشتنی برسیەتی، بیکاری، نایەکسانی و هتد لە خویدا جیگە بکاتەوە و جگە لەمە شیعریش زەرفیکی شیاو نییە بو ئەم مەبەستە. ئەگەر هەمووی ئەم

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

ئه‌ركانه‌ش بخه‌ینه سه‌ر "شانی ناسكی" شیعر، ئه‌وا یان شیعر شانی ئه‌شكی یاخود ئه‌بی به شیعار و به‌لگه‌نامه‌ی حیزبی. كه‌وایه به‌بروای من باشتر وایه حه‌مه سه‌عید لی گه‌ری با حیزب له‌سه‌ر جیگه‌ی خوی بمینیته‌وه تا شته‌كه ئالوزتر نه‌بی!

**شاعیری** مه‌به‌ستی حه‌مه سه‌عید ئه‌كته‌ریكی سه‌رلیشیواوه، نازانی كام رول، رولی سه‌ره‌كییه‌تی. هاوكات چه‌ند رول ئه‌گیری. له‌و پیاوانه ئه‌چی كه له شانوگه‌رییه كوردییه كونه‌كاندا ده‌وری ژنیان ئه‌بینی. ده‌وریک كه كه‌سانی زور ساویلكه‌ش په‌ی پی ئه‌به‌ن. مه‌به‌ست ئه‌وه‌نییه كه نابی شاعیر قسه‌ی سیاسی بكات یان سیاسه‌توان نابی شیعر بنووسی، به‌لكو ده‌مه‌وی بلیم كه ئه‌م دوو كه‌سایه‌تییه له شوینی شیاوی خویاندا چالاكی بكه‌ن و بینه مه‌یدان. شاعیر مه‌رج نییه سه‌ر به‌حیزبیكی تایبه‌ت بی بو ئه‌وه‌ی ئامانجه سیاسیه‌كانی ده‌ركه‌ون. ناسیاسی ترین شاعیریش سه‌ره‌نجام شیعره‌كه‌ی ئه‌چیته گیرفانی یه‌كی له چینه‌كانی كومه‌له‌وه. ماركس و ئینگیلس خاس ئیژن كاتی ئاماژه ئه‌كه‌ن به‌رولی نووسه‌ر، شاعیر و دكتور له‌سه‌رده‌می سه‌قام‌گیر بوونی بورژوازیدا: "بورژوازی ته‌واوی ئه‌و هه‌لسوران و چالاكیانه‌ی كه‌تا ئه‌و كات ریزیكیان هه‌بوو و به ترسیكی زاهیدانه‌وه سه‌یریان ئه‌كرا، له‌خه‌رمانه‌ی پیروزی خوی ده‌ركیشان. دكتور، قه‌شه، شاعیر و پسپوری كردن به موچه‌خوری به‌كری گیراو".(۱۴) هیوادارم حه‌مه‌سه‌عیدیش له‌مه‌ودوا شیعری به پیز و پیشره‌و بخولقینی و شان به شانی سیاسه‌تیكی ئینسانی له دامه‌زراندنی دنیایه‌كی به‌خته‌وه‌ردا به‌شدار بیت.

**بوچونی ماتریالیستی** سه‌باره‌ت به میژوو، دژی جیا كردنه‌وه‌ی وشیاری، فكر و هه‌ریمی ئایدیاكان، له كار و به‌رهه‌مهینانی كومه‌لایه‌تی و هه‌لسورانی به‌كرده‌وه‌ی مروڤه. ماركس و ئینگیلس پیداگرن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه مروڤ، ئایدیاش وه‌كوو به‌شیک له به‌رهه‌مهینانی هه‌ل و مه‌رجی ژیان، به‌رهه‌م دینی، بویه به‌رهه‌مهینانی ئایدیا و "مه‌فهووم" راسته‌وخو په‌یوه‌ندییان هه‌یه به هه‌لسوران و ئال و گوری ماددی نیوان ئینسانه‌كان.

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

وه ک چون کار له گره وی وشیاری دایه، هه ر به م جوره ش کار پیویستی به په یوه ندی نیوان مروڤه کان هه یه، یانی توانای ئالوگوری بیرورا به مه به ستی ریکخستنی کاری کومه لایه تی. زمان ئامرازی ئه م په یوه ندییه دیاری کراوه یه."هه موو زمانیک هاوته مه نی وشیاری یه. زمان بریتی یه له وشیاری به کرده وه و راسته قینه که بو مروڤه کانی تر و هه روه ها بو منیش بوونی هه یه."(١٥) که وابی زمان پیناسه ی مروڤ نییه. پیناسه ی ئینسانی زور پیناسه یه کی به ئیعتیبار تره بوهه موو مروڤیکی پیشکه وتنخواز.

له روانگه ی مارکسیستییه وه ئینسانه کان په یوه ندی کومه لایه تی جیاوازیان هه یه و سه رقالی هه لسورانی جوراوجوری کومه لایه تین. ئه م په یوه ندی و هه لسورانه جیاوازانه پیویستییان به سه رچاوه ی جیاوازه بو تیگه یشتن و ده ربرینی ئه زموونه جوراوجوره کان. گوتاریکی یه کگرتوو که هه موو چین و تویژه کانی کومه ل بگریته به ر بوونی نییه، هه رچه ند ده سه لاتداران، روناکبیران و شاعیرانی چینه بالا ده سه کانی کومه ل، هه میشه هه ول ئه ده ن زمان و گوتاری خویان به سه ر چینه ژیرده سته کاندا بسه پینن.

**"و. ن. ولوشینوف"** ئه نووسی: "چینی ده سه لاتدار هه ول ئه دا تایبه تمه ندییه کی ئه به دی و غه یره چینایه تی بدا به نیشانه ئایدیولوژیکه کان. به رهه مهینه ره کان له جه رگه ی کار و له ده ره وه ی شوینی کاریان، هاوکاری یه کتر ئه که ن. له م چوارچیوه ده ره کییه دا شیوه ی په یوه ندی گرتنی وا ئه دوزنه وه که له چاوه دیری راسته وخوی چه وسینه ران به دووره، به واتایه کی تر وته ی ئالترناتیڤ دینه ئاراوه له به ر ئه وه ی وته ره سمییه کان ته واوی ئه زموونه کانی چینه ژیر ده سته کان ده ر نابرن".(١٦)

له روانگه ی مارکسیستییه وه زمان وه کوو "شعور" هه ریمیکی جیاکراوه و سه ربه خوی، بوونی مروڤ نییه به لکو لایه نی شی که ره وه ی ئه م بوونه یه و به م جوره له ژیر کارتیکردنی کیشه و ململانیی ژیانی راسته قینه دایه. ئاشکرایه که زمانی دوانی شاعیری مودیرن و لایه نگری چه وساوه کان له گه ل زمانی شاعیری نه ته وه و نیشتمان گه لیک لیک دوورن. ئه م ناکوکییه کاتیک له ناو ئه چی که په یوه ندی و کومه لی چینایه تی له ناو بچن. سیاسه ت و

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

شیعری پیشره‌و هه‌ر ئیستاکه‌بو دامه‌زراندنی کومه‌لیکی یه‌کسان و بی چین هه‌ول ئه‌ده‌ن.
**۲۰۰۱-۱۲-۲٦**

## سه‌رچاوه‌کان:


۱- "هه‌له‌بجه غه‌ززه‌ی خه‌مناکه"، حه‌مه سه‌عید حه‌سه‌ن، لاپه‌ره‌ی **۱۷**

۲- "هه‌ژار بو کوردستان"، هه‌ژار موکوریانی، لاپه‌ره ی **٦۵**

**۳**- هه‌مان سه‌رچاوه، لاپه‌ره‌ی **۱۱٦**

**۴**- "هه‌ر وه‌ک کولانیکی بی کوتایی"، کومه‌لیک شیعری لورکا وشاعیرانی تر، وه‌رگیراوی ئه‌حمه‌د شاملوو، ئینتیشاراتی نگاه، سالی **۱۹۹۵**، لاپه‌ر ه‌ی **۱٦۷**

**۵**- هه‌مان سه‌رچاوه، لاپه‌ره‌ی **۱٦۸**

**٦**- "پرژه‌ی ئاوی فینک"، حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن، سایتی "کوردستان نیت"، **۲۰۰۱.۱۲-۱۴**

**۷**- "هه‌لبژارده یه‌ک له ده‌فته‌ره‌کانی زیندان"، گرامشی، ته‌رجه‌مه‌ی فارسی،لاپه‌ره‌ی **۳۲۳**

**۸**- "هه‌له‌بجه غه‌ززه‌ی خه‌مناکه"، حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن، لاپه‌ره‌ی **۲۵**

**۹**- "مردن بوBush و بن لادن"، حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن، سایتی "کوردستان نیت"، **۲۰۰۱-۹-۳۰**

**۱۰**- بروانه "هه‌نبانه بورینه"ی هه‌ژار موکوریانی

**۱۱**- پرژه‌ی ئاوی فینک"، حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن

**۱۲**- هه‌مان سه‌رچاوه

**۱۳**- هه‌مان سه‌رچاوه

**۱۴**- "مانیفیستی کومونیست"، مارکس و ئینگیلس

**۱۵**- "ئایدیولوژیای ئالمانی و لودویک فوئیرباخ"، مارکس و ئینگیلس، ته‌رجه‌مه‌ی پرویز بابایی، لاپه‌ره‌ی **۳۰٦**

**۱٦**- "مارکسیزم و فه‌لسه‌فه‌ی زمان"، و. ن. ولوشینوف، ته‌رجه‌مه‌ی فارسی، لاپه‌ره‌ی **۲۳**


PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com